نێچیرڤان بارزانی و سەرۆك كۆماری ئەرمەنستان كۆبوونەوە

ئەمڕۆ پێنجشەممە، نێچیرڤان بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان لە هەولێر لەگەڵ ڤاهاگن خاچاتوریان سەرۆكی ئەرمەنستان كۆبووەوە.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆكی هەرێم لە راگەیانراوێكدا رایگەیاند: لە كۆبوونەوەكەدا كە جێگرانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان و وەزیرانی پەیوەندیداری حكوومەتی هەرێمی كوردستان ئامادەی بوون، پەیوەندییەكانی ئەرمەنستان لەگەڵ عێراق و هەرێمی كوردستان، بەتایبەتی لە بواری ئابووریدا تاوتوێ كران و دەربارەی دۆخی عێراق و هەرێمی كوردستان و ڕەوشی پێكهاتەكان، بیروڕایان گۆڕییەوە.

ئاشكراشیكرد: هەردوولا باسیان لە دەرفەتەكانی برەودان بە پەیوەندییەكانی ئەرمەنستان لەگەڵ عێراق و هەرێمی كوردستان كرد لە بواری بازرگانی، وەبەرهێنان، كەرتی تایبەت، پزیشكی و گەشتیاریدا، لەمبارەیەوە تیشكیان خستە سەر دەرفەتی گەشتی ڕاستەوخۆی ئاسمانیی نێوان ئەرمەنستان و عێراق بۆ هەرێمی كوردستانەوە.

رونشیكردەوە: كە دوایین پێشهاتەكانی دۆخی ناوچەكە بەگشتی، تەوەرێكی دیكەی كۆبوونەوەكە بوو.

سەرۆكی ئەرمەنستان دووشەممەی ڕابردوو بە سەردانێكی فەرمی گەیشتە بەغدا و لەگەڵ بەرپرسانی باڵای عێراق كۆبووەوە، بەیانیی ئەمڕۆش گەیشتە هەولێر و لەلایەن سەرۆكی هەرێمی كوردستانەوە پێشوازی لێكرا